# سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

Organization of Iranian Kurdistan Struggle

---

## گیرانی سەعیدی عەزیزی ئەندامی لە مێژینەی سازمانی خەبات لە تورکیە

هاونیشتمانانی بەڕێز!

کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ!

ڕۆژی دووشەممە ٣١ی پووشپەڕ بەرانبەر بە ٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٨، سەعیدی عەزیزی ناسراو بە (سەعید ڕەشاش) ئەندامی لە مێژینەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەلایەن پۆلیسی تورکیە لە شاری ئەزمیر دەگیرێ و ڕەوانەی شوێنێکی نادیاری دەکەن.

سەعید عەزیزی ٧ ساڵە لە تورکیە پەنابەرە و قەبوولی وەڵاتی سێهەمی هەیە و ساڵانێکی زۆر لە ڕیزەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێراندا خزمەتی کردوە و چەندین جار لە دەورانی پێشمەرگایەتی دا هەوڵی ترۆر کردن و ڕفاندنی دراوە لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئێرانەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران داوا لە ڕێکخراوی UNHCR و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆست و پارێزەرەکانی مافی مرۆڤ دەکا کە بۆ ڕزگاری گیانی سەعید عەزیزی تێ بکۆشن و نەهێڵن پۆلیسی تورکیە ڕادەستی ڕژیمی ئێرانی بکاتەوە.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٨/٧/٢٢**

**١ی گەلاوێژی ١٣٨٧**